# ئــازادی

## ئەحمەد دەشتی

بۆچـی نایێی ئـارەزووی من
بـۆچـی نـایێی دلـم شاد کەیت
ڕەنجی دووری وغوربەتـی مـن
ژیانی سەخت و بێگانەی مـن
لەنـاوبەری و هیواکانم وەدی بێی
بۆچی نـایێی خـۆت بخەیتە
بەرسوتـانی ئەشقی دلی پارەپارەم
ئاگری دەروون هە لکەیتەوە و
لە گیان و دلـی بەر بدەیت
بۆچی نایێی هیوام تێکـەل
بەفـری دۆندو چیایان بکەیت
هەتـا کـەینـێ هەردوور دەڕۆی
ئەوا ئێستـا ژیـانی
سەخـتی هەواری من
لە گەل دووری وبیانی مـن
ڕەشـمالی خەم هەلدەدات و
جەستەی بـرینـم
بەرەو تـرۆپـکی نەمـان دەبـات
لە دەروونـم ئاگری عـشـقت
زۆر لە مێژە خـۆی دەنوێنـێ
لەچاوانم بـرك و ژانی
چـاوەڕوانیم خوێن دەڕژێنێ
ئاخر ئێستا ژیـان گـۆڕاوە
لە ناو خاك و وەلاتـی من
گـازی شـیمیا
مـەرگی چـەتوون دەبـارینـێ
شـاروگوند و تەڕو وشکم
هەر بە جارێ لەبن دێنێ

ئاوی کانی و ڕوبـارانـم
ڕەزو بـاغ و واری ژیانم
بە تێکڕایی دەخنکێنێ
ئاخـر ئێستاکوردستـانم
کراوەتەمەرگستـانم
گوند ویرانەوشـارنەماوە
دەهەستـە تۆ زووکەوەرە
گەلی خوێنمان لەڕێت داوە
بۆچـی نایێی بۆچی نایێ
ئەی ئاواتی دیرینەی من
ئێمە هەمـوولە دوات ویلین
تۆهەمیشەلەناوچاوی هەموومانی
لەناو ڕەگوشادەمار وهیوامانی
گـەر ئەتۆمیش بـەکاربێنـن
تۆ نـامری قەت نابەزی
هەردەمێنیی
کۆتری سپی سـەر شاخانیش
هەر دەخوێنـن هەر دەخوینـن
ئاوەدانـی و شارو گوندیش
با نەهیلن با نە هێلن ! !
خـۆ نـاتوانـن بیری ڕاستی
کوردایـەتی لەبن بێـنن
خـۆ ناتوانن خاکـی مەزنی
کوردستـانم بخنکێنن
چیا کانمان قەت ناڕوخێن
قـەت ناڕوخێن
با ئـەشـکـەوت و
لانەی ژیانیش برمێـنن



kurdistannet.org

ئەی چی دەکەن
لەباوەڕی بەرزی دەروون
ئەی چی دەکەن
لەوورەو هیزی ئاگرو تین
کە قەت ناڕواو
هەردەمینێ هەردەمینێ
بۆ کوێ دەچن زۆر دارەکان
بۆ کوێ دەچن
داگیرکەرە فاشستەکان
ئێسك و پروسکی
ژن ومنال و لاوەکانی هەواری من
هەزارهەزار شەهیدان و
هە لە بجەکەی برینی من
سوریا و دەکاو
قەلادزە کەی دیرۆکی من
تەرمی وونی ئەنفالەکان
سەدان هەزارلە زیندان و
زیندە بەچال
یا سێدارەو سەروەرانی
ئەنفال کراو
لە ژێر  ڕێژنەی بارانی توند
دەژینەوە دەژینەوە
تۆ لەی  خاکی داگیر کراو و
شەهدانم لە دوژمنان
دەسەننەوە دەسەننەوە
لە ژێر سایەی هاتنی تۆ و
سەربەخۆیی وە لاتەکەم
سەر لە نوێ
نیشتمانی خاپوورکراومان

ڕەزوباغی سوتینراومان
شاروگوندی ڕمیندراومان
دەسازنەوە دەسازنەوە
سا تۆ وەرە ئەی ئازادی
ئەی ئاوازی ژینی شادی
نەهامەتیم ببڕێنەوە
دوورم بکە لە نامرادی
بەهاتنی تۆ پەژارەکان
دەبڕێنەوەندەبڕێنەوە
دلی لەناو خەم خنکاوم
ڕزگار دەبێ و دەکرێتەوە
وە لاتەکەم پێشدەکەوێ و
ڕۆژی نوێم هەلدێتەوە
بەهاتنت ئەی ئازادی
کوردستانم دەحەسێتەوە
ئالای بەرزی نیشمانە ئازیزەکەم
لەم جیهانە دەشەکێتەوە
نەخشەی جوانی کوردستانم
لە ئەتلەس و نەخشەی جیهان
جوانتر لە گول
دەردەکەوێ و دەمێنێتەوە
یە هاتنت ئەی ئازادی
خەم وژان ونەهامەتی سالەهای من
دەبڕێتەوە دەبڕێتەوە
*
١٩٨٨بەرلین بە یادی ئەنفالەکان
وهەلەبجەی شەهید پێشکەشە بە
هەموو  ئازادی خوازانی کوردو جیهان